ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی دەستگیرکردنی ئەمیرێکی چەکدارانی داعش ڕادەگەیەنێت

[redacted]

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، "بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییەکان و کێکردنەوەی زانیاریی ورد و دروست، دامەزراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئەپڕاسیۆنێکی تایبەتدا لە ڕێکەوتی 6ـی ئەیلوولی 2023، ئەمیرێکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بە ناوی (زێدان خەلیفە ئەحمەد مەتەر) ناسراو بە ابو لیلی دەستگیر دەکەن کە ئەمیری کەرتی (سەعد بن ئەبي وقاص) بووە لە ویلایەتی دیجلە و ئەرکی لە چیای قەرەچووغ بووە"، هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "تیرۆریستیی دەستگیرکراو لە ساڵی 2014 پەیوەندیی کردووە بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و چەکدار بووە لە ناوچەی شرگات، دواتر کراوەتە بەرپرسی مەفرەزەی هاوێن و بەشداریی لە شەڕەکانی ئەو ڕێکخراوە دژی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردوە لە میحوەرەکانی مەخموور و قەراج، لە دوای ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە ساڵی 2017 ئەم ڕێکخراوە هەساوە بە دروستکردنی چەندین مەفرەزە کە ناوبراو بەرپرسی یەکێک لەو مەفرەزانە بووە لە ناوچەکانی چیای قەرەچووغ، ئەبووشیتە و کوشاف بە مەبەستی تیرۆرکردن و ڕفاندنی هاووڵاتیانی سڤیل و ئازادکردنیان لە بەرانبەر پارەدا".